کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-8-2007 14:27

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**
**بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن وهۆشیاری کۆمەڵایەتی**

بۆ: ماڵپەری کوردستان نێت, بەرێز

بابەت:روونکردنەوەیەك
رۆژ: دووشەممە
رێکەوت:7/ 8/ 2007

دوای رێز:
ئەمەی خوارەوە روونکردنەوەیەکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییە بۆ بڵاوکرنەوەی لە سایتەکەتان
لەگەڵ رێزدا.
لەرۆژی 3-8-2007 لەسایتی کوردستان نێت بابەتێك بەناونیشانی (یەکەم کۆبوونەوە بۆ دانانی پرۆژە یاسایەك) بڵاوکراوەتەوە کە لە رۆژی 1-8-2007 لە بارەگای یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوە بە مەبەستی دانانی یاسایەکی تایبەت بەکەمئەندامان و لەلایەن پەرلەمانی کوردستاندا دەنگی لەسەر بدرێت.
سەبارەت بەو داواکاری ئەم پرۆژەیە ئێمە وەکو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وێرای سوپاسمان بۆ ئاماژە پێدانی، ئەوە بەکارێکی گرنگ دەزانین و پێشمان وایە ئەم کارە لەئێمە زیاتر لە هەموو لایەك نزیکترەو ئێمەش لەمێژەوە کارمان لەسەری کردووەو بەردەوامین و بی ئاگانین بەڵام دانان و دارشتن و بەسیستەمکردنی یاسای لەم شێوە کە توێژێکی گەورە لێیی سوودمەند بێت کارێکی ئاسان نییەوە پێویستی بەبەشداری هەموو لایەکە لەگەڵ پسپۆران و یاساناس و کۆمەڵناس و کەسانی کەمئەندامیش بۆ ئەوەی بتوانێت رەچاوی هەموو لایەنێکیان بکات بە تایبەتی سروشتی وڵاتی ئێمە وا رێك کەووتوەو زۆر جیاوازی لە نێوان کەمئەندامان هەیە وەکو کەمئەندامی سروشتی و جەنگ و مین و سووتان و زۆر بواری تر.
بۆ ئەوە ئێمە لە رێکەوتی 2007/4/25 وە فەرمانی وەزاری لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەرچووە بۆ پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ دارشتنی پرۆژەی یاساکە کە گونجاو بێت لەگەڵ ماف و ئەرك و داخوازیەکانی کەمئەندامان وەکویەك لە گشت بواریکی خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و دەروونی... هتد. (بۆئەم مەبەستە پرۆژەیەك لەلایەن وەزاەتمان ئامادەکراوە بەسوود وەرگرتنی لەیاسای وڵاتانی کەنداو وڵاتانی دەوروبەرو جیهان لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ و گرنگی زۆردراوە بەکۆنووسی کۆنفرانسی شارۆچکەی دۆکان) ئەمەش ئاماژەیە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی داوە بە کەمئەندامان و پرۆژەی ئامادەکردوە هەرێم ئاراستەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دەکرێت بۆ گرنگی دان بەم پرۆژەیە و نوێنەرانی وەزارەتەکانی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردەو تەندروستی تێیدا بەشدارن چونکە تایبەتمەندن بەو توێژانەو خوێنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و بۆ زیاتر گرنگیدانیش داوای دوو نوێنەری کەمئەندامانمان کردووە لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی بۆ بەشدابونیان و وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان و بۆ ئەوەش 8 جار کۆبوونەوەی لەسەر کراوە و لە قۆناغی کۆتایی کۆتایی دایە بۆ ئەوەی بەتەواوی بریاری لەسەر بدرێت و ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ ئەوەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرز بکرێتەوە بۆ گفتۆکردن و بریارلەسەردان و بۆ ئەوەی ببێتە یاسایەك هەموو کەمئەندامێك لە برگەکانی سوودمەند ببێت. بەو هیوایەن بتوانین خزمەتێکی زیاتر بە کەمئەندامانمان بکەین کە لەراستیدا مرۆڤی ئاسایین خاوەن تواناو بەهرەی جوان و هەستی خۆیانن پێویستیان بەوەیە ئاسانکاریان بۆ بکرێت.

بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن و هۆشیاری کۆمەلایەتی

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی

ناونیشان: وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی – راگەیاندن و هۆشیاری کۆمەلایەتی
مۆبایل: کۆرەك: 07504682826
تەلەفۆن – ئاریافۆن 0662562488بەدداله 2238014 - 2238015 (108)
www. kurdistan-molsa. com
:E. mail kurdistan_molsa@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.